زنجیره ڕێنماییەکانی دێرین ژماره ٧٦ ژمارەی مۆڵەت ١

ئافات و تاوانەکانی زمان

غەیبەت کردن

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت:

﴿ لَا يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حَتَّى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ وَلَا يَسْتَقِيمُ قَلْبُهُ حَتَّى يَسْتَقِيمَ لِسَانُهُ﴾. رواه أحمد وصصحه الألباني سلسلة صحيحة ٢٨٤١.

واته: (ئیمانی مرۆڤ دانامەزرێت تاوەکو لە دڵی دانەمەزرێت، وە دڵیشی دانامەزرێت تاوەکو زمانی پارێزراو نەبێت).



ئامادەکردنی
جمیل محمد

پێداچونەوەی
م.هەڵگورد مصطفی گەڵاڵەیی

دێرین
٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد ﷺ وآله وصحبه أجمعين

موسڵمانی خۆشەویست یەکێك لە ئافاتەکانی زمان بریتیە لە (غەییەت کردن)

کە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان لەگەڵ ئەوەش دەبینیت موسڵمانێکی زۆر لێی بێ ئاگایەو کەوتۆتە ناوی بۆیە پێویستە بابزانین غەییەت چیە؟ و تاوانی چیە؟.

*** **پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك بە هاوەڵانی دەفەرمووێت:** ﴿ أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ ؟قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ ، قَالَ : ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ ، قِيلَ : أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ : إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ بَهَتَّهُ﴾ صحيح مسلم ٢٥٨٩. **واتە: (ئایە دەزانن غەییەت کردن چیە؟ فەرموویان: خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەزانن، فەرمووی: باس کردنی برای خۆت بەوەی کەوا پێی ناخۆشە، ئەوە غەییەتە، وتیان ئەی ئەگەر ئەو شتەی باسی دەکەین لەو کەسەدا هەبێت، فەرمووی:**

ئەگەر ئەوەی باسی دەکەی تێیدا هەبێت ئەوە غەییەتت کردوە، وە ئەگەر ئەوەشی باسی دەکەی تێیدا نەبێت ئەوە بوهتانت بۆ کردوە). ئەمە بریتیە لە غەییەت کردن وە وشەی (أخاك) تەنها تایبەت نیە بە پیاوان بەڵکو زانایان دەفەرموون ئافرەتیش دەگرێتەوە کە باسی ئافرەتێك بکەیت بە خەراپە و لە پەنهانیدا.

بەڵگەکانی حەڕامیەتی غەییەت کردن و گەورەیی تاوانەکەی لەشەرعدا :

١- خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُۚ ﴾ الحجرات: ١٢.

واتە: (غەییەت و باسی یەکتری مەکەن، ئایە یەکێك لە ئێوە حەز ئەکات گۆشتی برای خۆی بخوات بە مردوویی کە پێتان ناخۆشە).

٢- پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك بەرز کراوە بۆ ئاسمان بۆ ئیسراو معراج دە فەرمووێت

قەومانێکم بینی ﴿ لَهُمْ أَظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ يَخْمُشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ﴾ نینۆکیان لە مس هەبوون دەم و چاوو سینگی خۆیان پێیدا دەرنین، وتم بە جوبریل ئەمانە کێن؟ ووتی: ﴿هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ وَيَقَعُونَ فِي أَعْرَاضِهِمْ﴾ ئەمانە ئەو کەسانەن کەوا گۆشتی خەڵکی دەخۆن و باسی عەرزو ناموسی خەڵکی دەکەن[١].

٣- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: ﴿كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ﴾ صحيح مسلم ٦٧٠٦ واتە: (هەموو موسڵمانێك خوێنەکەی و ماڵەکەی و ناموسەکەی حەرامە لەسەر موسڵمانان).

٤- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: ﴿يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلِ الإِيمَانُ قَلْبَهُ لاَ تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ وَلاَ تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فَإِنَّهُ مَنِ اتَّبَعَ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ وَمَنْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ﴾[٢].

واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە بەزمان و ئیمان نەچۆتە دڵەکانتان غەیبەتی موسڵمانان مەکەن وە بەدوای عەیب و عاریان مەگەڕێن چونکە هەر کەسێك بەدوای عەیب و عاری موسڵمانان دا بگەڕێت ئەوە خوای گەورە بە دوای عەیب و عاری دەگەڕێت وە هەر کەسێکیش خوای گەورە بە دوای عەیب و عاریدا بگەڕێت ئەوە ئابڕوی ئەبات ئەگەر لەناو ماڵی خۆشیدا بێت).

٥- عائیشە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموویێت: ڕۆژێك بە پێغەمبەرم ﷺ فەرموو: بۆ ئەوەندە باسی صفیە دەکەی کە خێزانێکی تری بوو صفیە ئاواو ئاوە مەبەستی پێی کەمێك کورت بوو صەفیە ئەویش فەرمووی ﴿لقد قلت كلمة لو مزجت بماء البحر لمزجته﴾ واتە: (قسەیەکت کرد ئەگەر لەگەڵ ئاوی دەریا تێکەڵی بکەی ئەوە بۆگەنی دەکات)[٣].

---

(١) رواه أحمد ١٣٣٤٠ أبو داود. وصححه الألباني صحيح الجامع ٥٢١٣.

(٢) رواه أبو داود ٤٨٨٢ وحسنه الألباني المشكاة ٥٠٤٤ .

(٣) صحيح ترغيب وترهيب ٢٨٣٤ .

زیانەکانی غەییەت کردن

١- کەسی غەییەت کار کەسێکی موفلیسەو هیچی نیە لەڕۆژی دواییدا وەکو لەم فەرموودەیە هاتوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿أَتَدْرُونَ مَا الْمُفْلِسُ قَالُوا الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لَا دِرْهَمَ لَهُ وَلَا مَتَاعَ فَقَالَ إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلَاةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا وَقَذَفَ هَذَا وَأَكَلَ مَالَ هَذَا وَسَفَكَ دَمَ هَذَا وَضَرَبَ هَذَا فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ﴾.صحيح مسلم ٢٥٨١.

٢- غەییەت کردن دەبێتە مایەیی نەمانی چاکەکان و زیاد بوونی تاوان بەبەڵگەی ئەم فەرموودەی سەرەوە.

٣- غەییەت کردن خاوەنەکەی بەرەو ئاگری دۆزەخ ڕادەکێشێت هەر وەکو لەم فەرموودەیەی سەرەوە هاتوە، تاوەکو هیچ چاکەی نامێنێت دوای فڕێ دەردرێتە ناو ئاگر.

٤- کەسی غەییەت کار هەر چەندی نوێژو ڕۆژو سەدقەو خێرو چاکەی هەبێت هیچ سوودی لێ نابینێت هەروەك لەم فەرموودەی سەرەوە هاتوە.

٥- غەییەت کردن دەبێتە هۆی ناکۆکی و تێك چوونی پەیوەندی نێوان موسڵمانان.

٦- کەسی غەییەت کار خوای گەورە حەیا و ئابڕوی دەبات ئەگەر لەناو ماڵیشی دابێت.

٧- غەییەت کردن دەبێتە هۆی دژیایەتی و ڕق و کینە و نەمانی پێکەوە ژیان.

٨- کەسی غەییەت کار کەسێکی زەلیل و کەمە لەناو کۆ مەڵگا چونکە کەسانێك غەییەتی خەڵکی دەکەن کەوا بێکار و دەست بەتاڵ و تێنەگەیشتون چونکە کەسی ژیر و تێگەیشتوو غەییەتی خەڵکی ناکات کەوا ئەم هەموو زیانەی لێدەکەوێتەوە.

لە کۆتایدا ئەوەی باسمان کرد کەمێك بوو لە تاوان و زیانەکانی غەییەت کردن هیوا دارم ئەم چەند دێڕە کورتە ببێتە مایەی سوود بۆ ئەو کەسەی دەی خوێنێتەوەو ببێتە تێشوێکیش بۆ قیامە تمان و خوای گەورە لێمانی قەبوڵ بکات أمین.

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم. ١٧/ رمضان ١٤٣٧ سۆران ٢٠١٦/٦/٢٢

لە بڵاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین – سۆران - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠